# با گفتوگۆ بەردەوام بێت....وەڵامێك بۆ بەڕێز سەلام عەبدوڵلا

رێبوار کەریم وەلی

بە درێژایی شەڕی ناوەخۆ لە کوردستاندا، هەرکاتێ راگەیاندن بیویستبایە لە پاڵ دوو بوختانەوە قسەیەکی هەق یان راستییەکی مێژوویی بخاتە ڕوو، ئەوا خێرا یەکەم برگەی ئاگربەس و شەرتی پێشوەختەی ئاشتی ئەوە بوو کە (پێویستە هێرشی راگەیاندن بوەستێت!) ئەمە تەفسیری حزب بوو بۆ ئەو قسانەی کە لە میدیاکاندا دەگوتران...هێرشی راگەیاندن!

ئەگەرچی زۆرم ئاگا لەو موناقەشەیە نییە کە لە نێوان مامۆستا حەمە سەعید حەسەن و کاک سەلام دا هەیە، بەڵام گوتارەکەی مامۆستا حەمەسەعیدم خوێندۆتەوە و، وەڵامەکەی کاک سەلامیش هەروەها..

ئەوەی مامۆستا حەمەسەعید لە گوتارەکەیدا نووسیویەتی بریتییە لە رایەك لەسەر رووداوێکی دیاریکراو، ئینجا ئەم رایە چەند راستە و مەنتیقی تێدایە شتێکە و وەڵامدانەوەکە کاک سەلام و شێوازی موخاتەبە کردنی مامۆستا حەمەسەعید شتێکی دیکەیە..

کاك سەلام بێئەوەی هیچ گوترا بێت پەلاماری خودی نووسەری داوە، دەکرا ئەوەی مەبەستی بوو بیڵێت، بەڵام چ پێویست دەکات من بێم گاڵتە بەتوانای رۆشنبیریی یەکێك بکەم و ئینجا بەتوانجەوە پێی بڵێم (بلیمەت!)

ئەمە شێوازێکی زۆر سەقەتی موناقەشەکردنی یەکترییە کە لەکوردستانیش لەبەر زۆری کەڵاشە دەکات.

ئەم نامەنتیقییەتە لە دیالۆگدا وایکردووە کە گەورەترین کێشەکانمان بە زمانێکی بازاڕییانەی دوور لە بەهای راستەقینەی خۆیان بخرێنەڕوو.ئینجا لەم حاڵەتەشدا کەس قازانجی نەکردووە دەستەڵاتی سیاسی نەبێ. ئەمجۆرە ئاخاوتنەی رووناکبیران و ئەم جۆرە دیالۆگە سەقەتە وایکردووە کە سیاسییەکان بەبەردەوام بیانووی داخستنی دەرگاکانی حیواریان بۆ موحەیا بێت

.

من تێناگەم کاتێ ئەسڵی کێشەکە هەبێت، بۆ دەبێ باس لە شتی دیکە بکرێت!.

ئەمانە هەمووی لەلایەك و مەسەلەی بەستنەوەی هەقیقەتی رووداوێك بە شیعرییەت و گەمەکردن بە وشە لەلایەك. تاقمێکی زۆر لە رووناکبیران لە ژێر کاریگەریی سیاسەت و (کوردبازی) دا، هەوڵ دەدەن پاساوی هێندە نامەنتیقی و پوچ بێننەوە کە خۆیان دوایی بە خوێندنەوەی شەرم دایاندەگرێت، بۆ دەبێ کاری ئێمە تەنها مەحکوم کردنی زاڵم بێت بە چاوی زوڵملێکراوێك، ئایا درندەیی رژێمی بەعس تاکە فاکتۆری کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو؟ بۆ دەبێ تەنها روویە تراژێدیکەکەی کارەساتەکان ببینین و رێگە بە خۆمان نەدەین بزانین لەو دیو چ باسە؟

ئالێرە کە ئەگەر پرسیارێکی لەم چەشنەت ورووژاند، دەمودەست نازناوی خائین و داردەستی بەعست بۆ دەکەن بە کاڵای پڕبەباڵا! ئەگەرچی خائینان و داردەستەکان دیارن، بەڵام میللەتیان وا کوێر کردووە کە دەبێ بە رۆژی رووناك بە لایت لێیان بگەڕێ.

کارەساتێك روودەدات، بۆمبێك دەتەقێتەوە، یەکێك دزی دەکات و ئەوی دیکە پیاو دەکوژێ، بەڵام لە کوێ مەسڵەحت نەبوو نابێ باس بکرێ، بگرە تەنها دەبێ وەك ئەرکێکی نیشتمانپەروەرانە ئەنجامدەرانی کارەساتەکە مەحکوم و ریسوا بکرێن و، فرمێسکی تیمساحیش بۆ قوربانیان برێژرێت بێ ئەوەی کەس بپرسێ: ئەرێ ئەوە بۆ رووی دا؟

هەموو شرۆڤەکان بە پەتی فانتازیاوە بە بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان و ناوبانگی ئەزموونەکەمانەوە بەستراوەتەوە! کێ لە هەمووان جوانتر بیهۆنێتەوە لە هەمووان شۆڕشگێڕتر و نیشتمانپەروەرترە.

ئێستا حاڵیحازر باس لە لێدانی عێراق دەکرێ، لەو پەڕی چەپەوە تا ئەوسەری راست بە تاسوقەوە عەوداڵی بیستنی هەواڵی ئەوەن ئاخۆ کەی سوپای ئەمەریکا لە کوردستان دادەبەزێ، بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەی ئەگەر سەدام لە تۆڵەی ئەمە هەڵەبجەیەکی دیکەی بۆ ساز داینەوە چی؟

ئەگەر لەو وردەکاریانە نەکۆڵدرێتەوە کە لە هەڵەبجە روویاندا، ئەوا بەرچاومان هێندە تاریك دەبێ کە ئەمڕۆشی پێ نابینین.

نابێ موناقەشە بوەستێ، بەڵام بەشەرتێك مەرجەکانی حیواری تێدا بن. بۆیە پێموایە بانگەوازەکەی کاك سەلام کارێکی باش نییە و تەنها لە خزمەت ئەو دەستەڵاتە دایە کە دەیەوێ هەموو سەلبیاتی خۆی لەژێرقەلغانی بەرژەوەندیی نیشتمانی بشارێتەوە و شەرعییەت بە هەڵەکانی خۆی بدات.

با هەموو کەس قسەی خۆی بکات، خۆ قەد ئەو قسەیە بەقەدەر ئەوە تاڵ نییە کە تۆ جەرگی دایکێك بسوتێنی یان منداڵێك بێ باوك بکەی. ..

rebwar2001@yahoo.com

©Kurdistan Net